www.pertwk.com

# پێرست

**بەشی شەشەم**

1ـ شارستانیەتو دیاردەکانی لە کوردستان تا سەرەتای ئیسلام
2ـ نیزامی پێش ئیسلام
3ـ چینەکانی کۆمەڵگا
4ـ باج لە سەردەمی ساسانیەکانداو چۆنایەتی کاریگەرییەکەی لە کوردستان
5ـ سەنعەتو پیشەسازی لە سەردەمی ساسانیەکان دا
6ـ بازرگانیو ڕێگاکانی لە سەردەمی ساسانیەکان دا
7ـ هونەری مێعماری لە سەردەمی ساسانیەکان دا
8ـ شێوەکاری هونەری جوانە لە سەردەمی ساسانیەکان دا

www.pertwk.com

### بەشی حەوتەم

1ـ کاریگەری کوردستان لە بەرینتربوونو بڵاوبوونەوەی ەرهەنگو شارستانیەتی جیهانی
2ـ بەشی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی هونەرەکانیتر
3ـ ئەدەبیات لە کوردستان دا
4ـ فەرهەنگو شارستانیەتو هونەر لە کوردستانی دوای ئیسلام دا
5ـ رۆڵی کوردستان لە بڵاوبوونەوەی زانستو فەننەکانو فەرهەنگی جیهانی
6ـ موسیقاو رابردووەکەی لە کوردستان
7ـ کوردستانو ڕێگا بازرگانیيەکانی لەدوای ئیسلام

### بەشی هەشتەم

1ـ شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان
2ـ کەتیبە = "نووسراوەی بەردین"ی وان
3ـ کۆشکی الخضرا = الخضر = حەترا
4ـ کلیسای شاری "ئیدێسا" رەما = ئورفە
5ـ کلیسای میافارقین
6ـ پردی سنجە = سنگز

### بەشی نۆهەم

1ـ دین، ئایینو بیروبڕوای لاوەکی لە کوردستان دا
2ـ خوا لە روانگەی زەردەشتەوە
3ـ فریشتە لە دینی زەردەشت دا
4ـ مانەوییەت "مانەوی گەری"
5ـ ئایینی مانیو بیروڕای ئەو
6ـ ئایینی مانیگەری دوای نەمانی خۆی
7ـ تایفەی سارلی
8ـ شەبەکەکان
9ـ بجوورانەکان

10- یەزیدیەکان یا ئیزەدییەکانو ناوەکانیتر

11- سۆفیگەریو عیرفان لە کوردستانداو چلۆنایەتیو کاتی سەرهەڵدانی

12- سۆفیگەریو لقەکانی لە کوردستان دا

13- چەشتیە

14- مەولەوییە

15- شازلیە

16- رفاعیە

17- تیفووریە

18- سوهرەوەردییە

19- سەفەوییە

20- بەکتاشیە

21- حەیدەرییە

22- نعمت اللهیە

23- جەلالیە یا خاکساریە

24- کوبرەوییە

25- زیکری دەروێشەکانی قادری

26- خانەدانی شێخ محەممەدی نۆدهی

27- تەریقەتی نەقشبەندی

28- تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا

29- ئەهلی هەق یا (علی اللهی)یەکان

30- سابیئییەکان یا سابیەکان


**بەشی دەهەم**


1- خەتو زمان لە ئەدەبیاتی کوردی داو بەسەرهاتی مێژووییان

2- زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی

3- ئەدەبی کوردو شوێنەواری نووسەرانو شاعیرانی کورد

4- لاوژە یا بەیتو باوەکانی کوردی

5- گەشەکردنی فەرهەنگو زمانەوانی کوردان لە سەدەی بیستەم دا

6- داخوازییەکانی کۆنگرەی 1934ی ئیرەوان

www.pertwk.com

**بەشی یازدەهەم**

دابونەریت، جێژنەکانو رێورەسمەکانی دیکە لە کوردستان

یارمەتیدانو هاوکاریکردن لە رێورەسمی کوردان دا

چیرۆکی کێوی جوودی "گوتی"و پێوەندیی ئەو بە حەزرەتی نووحەوە

# پێشەکی

بەخۆشحاڵییەوە هەروەك وەعدەم دابوو لەكاتی خۆیدا وەرگێڕانی بەرگی دووهەمی "هاونەتەوەیی قەومی كوردو ماد"ی كە لە بەشی شەشەم تا یازدەهەمی مابۆوە تەواو كردو تەحویلی خانەی وەرگێڕانم دا. بەڵام بەهەر هۆیەك بوو كە لە روانگەی منو وەزیری رۆشنبیری ئەوكاتیش لەجێی خۆی دا نەبوو، چاپكردنەكەی وەدواكەوت، بەڵام وەك دەڵێن ماسی هەركات لە ئاوی دەرێنی تازەیە، ئەو كتێبەش وا بە خۆشحاڵیەوە كەوتە بەردەستی خوێنەری بەرێز.

ئەگەر بەرگی یەكەمی ئەم كتێبە بایەخی تایبەتیی هەبووو پڕبوو لە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر بۆ مستۆگەربوونی هەقانیەتی لەسەر ئەو مافە رەوایەی چەند سەدەیە لێی پێشێل كراوە، بەرگی دووهەمیش گەنجینەیەكە لە زانیاریی لەسەر دیاردەكانی شارستانیەت لە كوردستانی كۆن، كاریگەریی كورد لە بەرینتربوونەوەی فەرهەنگو شارستانیەتی جیهانی كە شوێنەوارە مێژووییەكانی كوردستان شایەدی زیندووی ئەو مەسەلەن. لەم بەرگەدا هەروەها چلۆنایەتی دینو ئایین لە كۆنەوە تا ئێستا لە كوردستاندا هاتۆتە بەرباسو گەلێك كەلێنو قوژبنی وامان بۆ روون دەكاتەوە كە تا ئێستا لانیكەم بۆ جیلی نوێ كەمتر باس كراوە كە پێویستە وەك بەشێك لە كۆمەڵناسی كوردو كوردستان بیزانن.

لەم بەرگەدا هەروەها باسی خەتو زمان، ئەدەبیاتی پێشینیانو بەسەرهاتی مێژووییان هاتۆتە گۆڕێ كە دەتوانێ بۆ لێكۆڵەرەوانی لاو بەتایبەتی جێگەی سەرنج بێو كەڵكی لێوەرگرن.

لەدوایین بەش دا لەسەر فولكلۆرو دابونەریتی كوردەواریو ریشەی ئەم بابەتانە دەدوێ كە لەم رۆژگارەش دا بەشێك لە ژیانی ئێمەی كوردنو بۆمان جێگەی رێزنو بوونە بەشێك لە كولتووری نەتەوەكەمانو جێی خۆیان لەناو كۆمەڵانی بەرینی جەماوەر دا گرتوە. دیارە لە پێرستەكەدا عینوانەكان وردتو روونتر هاتوون تا خوێنەر باشترو زووتر بتوانێ مەتڵەبی دڵخوازی وەدۆزێ.

لەسەریەك كتێبێكی بەكەڵكەو ئەگەر لەباری وشەو رستەشەوە كەمو كورپیەكی هەبێو یەكدەست نەبێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە سەلیقەی من دەگەڵ ئەوانەی كە پێیداچوونەوە لێك جیاوازن، بەڵام لەهەر حاڵ دا چونكو دەسەڵات بەوانە، هەرئەوانیش بڕیاری ئاخریان داوە.

به سوپاس له خوێنەران

جەلیل گادانی

**بەشی شەشەم**

## شارستانییەتو دیاردەكانی لە كوردستان تا دەركەوتنی ئیسلام

ئاڵوگۆڕی پێكهاتووی نێوان زلهێزەكانی جیهانی بەر لە ئیسلام وەكوو وڵاتانی ئێرانو یۆنانو رۆم، بەهۆی تایبەتمەندیو ئاستەمبوونی هەلومەرجی جوغرافیاییو سیاسیی كوردستان، لە هەموو بوارێكدا كاریگەریی راستەوخۆیان هەبوو و ئاكامەكانی ئەو شوێندانانە لە هەر لایەنو بەتایبەتی لە بواری فەرهەنگیو شارستانیەتەوە هەروەك كاریگەری لەسەر حكوومەتو شەڕو لایەنیتر لەو خاكەدا بەدەر دەكەوت. ئەم پێشكەوتنو گۆڕانكاریانە كە بەهۆی ئەو ئیمپراتوریانەوە لە شارستانیەتو فەرهەنگی جیهانیدا هاتنە گۆڕێ، كاتێك كە لە كوردستاندا دەردەكەوتن، دەبووە تێكەڵاوێك كە

لــە ئــەنجامی رووبەڕووبوونــەوەی نیشــانە نوێیــەکانی شارســتانیەتو فەرهــەنگو شارستانیەتی زۆر کۆنی ئەم سەرزەوییەو خەڵکەکەیدا پێـك دەهـاتو خـۆی دەنوانـد. ئاکامێك کە لەو پێوەندییەدا لە ڕێگەی لێکۆڵینـەوەی ڕاسـتەوخۆی نووسـەری کتێـبو وەدواکەوتنو توێژینەوەی بەربڵاوی لێکۆڵەرانیتر لەم هەرێمەدا دەستکەوتووە، ئەوەیە کە ئەوەی لە دواییدا شکڵو شێوازی خۆی دەنواندو وەکوو ئەمڕۆ ئەو کاریگەرییانـەی بـە گـوێرەی تایبەتمەندییـەکانی فەرهـەنگی خـۆی بـەکار دەهێنـا، بـەڵام کاریگـەریی فەرهەنگی ئێران بەهۆی هاوخوێنیو هاوڕەگـەزی ئـەوان لەگـەڵ کـوردان هـەموو کـات زیاتر لە هی ئیمپراتوورییەکانی ڕۆژئاوایی بووە. دیارە ئاسەواری بەجێماوی ئەو کاتو سـەردەمانە زۆر کـەمن، بـەڵام ئەوانـەی هـەن بۆچـوونی سـەرەوە دەسـەلمێنن. زینـدووترین شـوێنەواری میعمـاریو هونـەرە جوانـەکانیو. . . ئێـران لـە سـەرەتای قۆناغی مێژوویی ئەو وڵاتە، پاش کۆشکەکانی تـەختی جەمشـید (پێـرس پـۆلیس) لـە کوردستان هەڵکەوتوون کە هەر کام دنیایەك هونـەرو جوانییـان تێـدا بـەدی دەکـرێو بینەرانی خۆیـان مـاتو سەرسـام دەکـەن. سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە کـە ئاسـەوارو ئـەو نموونەی لەو چەشنانەش کە بۆ دەسەڵاتدارو حاکمانی هەرێمی ساز کراون، لە هـەموو شـوێنێك زیـاتر لـە ژێـر کاریگـەریی هونـەری ئێـران دانو تەنانـەت شـێوازی ئیـداریو ملکداریو بەشێکی دیکە لە کاروبـاری ژیـانو چارەنووسـی خـەڵك لـە کوردسـتاندا لـە یاساو پێڕەوی حاکم بەسەر خـەڵکی ئێـران وەرگـیراوە. هـەروەك لـە دوایـی دا باسـی دەکەین لەو بەشانەی کوردستانیشدا کە لە ژێر حوکمی ڕومییـەکانو، بـەر لـەویش لـە ژێر دەستی یۆنانییەکاندا بووە، کاروباری ژیان زیـاتر لەسـەر بنـەمای ژیـانی ئەوسـای ئێرانییەکان بووە. سەرەنجڕاکێشتر لەوەش ئەوەیە کە هەر ئاڵوگۆڕێك کە لـە شـێوەی ژیانی گشتی یا تاکەکەسی خەڵکی ئێراندا بهاتبایـە گـۆڕێ، کوردسـتان دوایـین شـوێن بوو کە بـە لەبەرچـاوگرتنی کولتـووری خـۆجێیی خۆیـان دەکەوتـە ژێـر شـەپۆلی ئـەو ئاڵوگۆڕەو لە سیستمی پێشووی دوور دەکەوتەوە.

# نیزامی پێش ئیسلام له‌ كوردستان

پێشتر باسمان له‌ نیزامه‌كانی سه‌رده‌مه‌كانی به‌ر له‌ مێژوو له‌ كوردستاندا كردوه‌و له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زانیاری له‌سه‌ر ئه‌و سه‌رده‌مه‌ زۆر كه‌مه‌، ئێمه‌ش زۆر به‌ كورتی قسه‌مان له‌سه‌ر كردوون‌و به‌ ئاماژه‌ پێكردنیان قه‌ناعه‌تمان كردوه‌: به‌ڵام زانیارییه‌كانی سه‌رده‌می ئه‌شكانییه‌كان‌و دواییش له‌ سه‌رده‌می ساسانییه‌كاندا، جێگه‌ی سه‌رنجن. هه‌رچه‌ند راسته‌وخۆ به‌نێوی كورستانیش شت كه‌مه‌، دیسانیش چونكه‌ كاتێك له‌سه‌ر ئێران‌و سه‌رده‌مێك له‌سه‌ر رۆم بووه‌ زانیاری زۆره‌، ئێمه‌ش به‌ وه‌رگرتنی زانیاری‌و پێكهێنانی پێوه‌ندی له‌ نێوان ئه‌و شتانه‌دا كه‌ له‌ دوو ئیمپراتووری ئێران‌و رۆم ماونه‌ته‌وه‌و ئه‌وانه‌ی له‌ خودی كوردستان كۆمان كردوونه‌ته‌وه‌، توانیومانه‌ زانیارییه‌كی زۆر بخه‌ینه‌ به‌رچاو. هه‌ر به‌و پێیه‌و به‌ كۆكردنه‌وه‌ی ئه‌و زانیاریانه‌ی له‌ نیزامی به‌ر له‌ ئیسلام له‌ كوردستاندا هه‌بووه‌، له‌وه‌ ئاگادار بووین كه‌ هیچ كات نیزامی كۆیله‌داری به‌و شێوه‌ی كه‌ له‌ شوێنی دیكه‌ هه‌بووه‌، له‌ كوردستان نه‌بووه‌، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی كه‌ چه‌ند سه‌ده‌ خه‌ڵكی ئه‌و وڵاته‌یان به‌دیل گرتوه‌و به‌نێوی كۆیله‌ له‌ بازاڕی كۆیله‌فرۆشیدا ده‌یانفرۆشتن، خۆیان له‌و بازاڕه‌و خێره‌كه‌ی چیان ده‌ست نه‌ده‌كه‌وت‌و، له‌م خاكه‌دا كۆیله‌داری ته‌نیا به‌شێوه‌یه‌كی سه‌ره‌تایی وه‌ك كرێكارێكی ئه‌مڕۆیی، به‌ڵام به‌ هه‌لومه‌رجێكی دوژوارتره‌وه‌ هه‌بووه‌. به‌دوای هه‌ره‌سهێنانی بنه‌ماڵه‌ی ئه‌شكانی، نیزامی كۆیله‌داریش لێك بڵاو بوو، نیزامی فیۆداڵی (ده‌ره‌به‌گایه‌تی) په‌ره‌ی سه‌ندو ئاڵوگۆڕێكی زۆری له‌ ژیانی كۆمه‌ڵگاو بنه‌مای ئابووری پێك هێنا.

ئه‌گه‌رچی خه‌باتی ئاشكراو خۆبواردنی كۆیله‌كان له‌ كار، راده‌ی به‌رهه‌می هێنایه‌ خوارو له‌ هه‌موو شوێنێكدا چینی قازانجخوازو ده‌سه‌ڵاتدار، هه‌م له‌نێو دامووده‌زگای حكوومه‌تداو هه‌م له‌ بواری كشتوكاڵو ملكداریی گه‌وره‌و بچووك‌و ته‌نانه‌ت گوندییه‌ ئازاده‌كانیش (بۆ وه‌ده‌ستهێنانی به‌رهه‌می زیاتر) زۆریان هه‌وڵداو ئه‌و كاره‌ به‌ڕاده‌یه‌ك

بوو كە بوو بەهۆی توانەوەی توێژێك. لە كوردستاندا سیستمی دەرەبەگایەتی كە لەگەڵ خوو و خدەی خێڵایەتی یەكیدەگرتەوە، بێئەوەی هیچ گیروگرفتێكی گرینگی بێتە سەرێ، جێگیر بوو، چینی زەحمەتكێشو بەرهەمهێنەر بە هێندێك جێگۆڕكێ لە وەزعی كۆیلەداریو وەلانانی شێوەی پێشوو، درێژەیان بە كاروژیانی خۆیاندا. لێرەدا خاوەنی ملكە بچووكەكان تا ڕادەیەك لەناو چوونو زەوییەكانی خۆیان دا بە دەرەبەگە گەورەكانو لەگەڵ كۆیلەكاندا كە "بەندەك یا رسیك"یان پێ دەگوتنو لەگەڵ هەموو بەرهەمێهنەرەكانیتر بوون بە رەعیەتی ئەوان، ئەوانەش كە لە كاری كشتوكاڵدا نەبوون بۆ ئەنجامی خزمەتی پێسپێردراو لە ماڵو ناوەندەكانی پێویست دامەزران.

یەكێك لە ئاكامەكانی ئەو ئاڵوگۆڕەو بەرەوپێشچوونی كۆمەڵگا لە بواری كۆمەڵایەتیو ئابووریدا جگە لە سەرهەڵدانی چینی تازە، مافی ئەو كۆیلانەش كە ببوون بە رەعیەت، زیاتر بوو، بە وتەی نووسەری كتێبی "بەرەوپێشچوونی فیۆدالیسم (دەرەبەگایەتی) لە ئێراندا" ئەوان دەیانتوانی برێك لەو بەرهەمەی رەنێویان هێنابوو بۆ خۆیان هەڵگرنو لەدواییشدا وەك میرات بۆ منداڵەكانیان بەجێبهێڵن،[1] (كە دەتوانین شیكردنەوەی ئەوە لە یاساكانی ئەوكاتەدا) لە پەرتووكەكانی وەك "ماتیكان یا هەزارداستان"دا ببینین.[2] ئەو یاسایانە لە كوردستاندا باشتر بوونو بەهۆی خزمایەتیو لێك نزیكی خەڵكی ئاوایەكان زۆر بە ئاسانی ئەو رادەو میزانانەی وەك دەیەك یا چواریەكو... ئاڵوێر دەبوون.[3]

هەرچەند لە شوێنەكانیتردا باسمان لەوە كردوە كە كۆیلەیەك هی دوو كۆیلەدار بووە، بەڵام لەسەر یەك زانیاری ئێمە لەبارەی كۆیلەكانی كوردستان كە لەدواییدا ببوون بە رەعیەت زۆر كەمە، بەڵام دەتوانین بڵێین لەبەر خووی عەشیرەتی، وەزعی

---

[1] گەشەكردنو هەڵدان(تكامل)ی دەرەبەگایەتی لە ئێراندا، نووسینی فەرهاد نعمانی، لە لاپەڕەی 239 بەدوا

[2] كۆ یاسایەكە كە لە كۆتاییەكانی حكومەتی ساسانییەكاندا نووسراوە.

[3] لەو شوێنەوارو دۆزراوانە بڕوانن كە لە كەركووك دۆزراونەوە لە "لەوحەكانی هەولێر" بڕوانن كە لە بەرگی یەكەمدا ئاماژەیان پێ كراوە.

کۆیلەکانی کوردستان بەتایبەتی لەو شوێنانەی لەژێر دەسەلاتی رۆمییەکاندا بوون (وەك ئامەد یان دیاربەکرو نسیبەین) زۆر باشتر لە هی ئەو شوێنانە بوو کە لە ژێر دەسەلاتی ساسانییەکاندا بوون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە بزووتنەوەی مەزدەکییە زەبرێکی زۆر قورسی لە سیستمی کۆیلەداری لە ئێران داو ئەو جوولانەوەیە لەسەر باشبوونی وەزعی کۆیلەکان لە ئێراندا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو و، لە گۆڕانی سیستمی کۆیلەداری بۆ سیستمی ئەربابو رەعیەتی لەو ولاتەدا کاریگەری هەبووە.

لە سەردەمی زالبوونی ئیسلامدا شوێنەوارێك لە کۆیلەو کۆیلەداری لە ناوەندی کوردستانو باکووری رۆژهەلاتو رۆژهەلاتی کوردستان نەمابوو، لە نووسراوەیەکدا کە "مەلا عەبدولقادری کوڕی وەلیدی کوڕی محەممەد جووتیار"[4] لە سالی 276ی کۆچی بەرامبەر 1121ی زایینی نووسیویەتی دەلێ: گوندییەکانی کوردستان یەکەمین گوندییەکان بوون کە لە سەردەمی رەعیەتیدا لە ئەربابەکانی خۆیان رازی بوونو خاکیان بە کرێ گرتووەو بوون بە ئیجارەدار یا رەعیەتی بەستراو بە ئاغاو "دەستیکرد"[5] و دەنووسێ: "الحمدالله و المنەکار خودیکاو خوویخاد خوزاد مستی ئاغای بیکورتاو ئیسلام داگرت انشاالله..."

هەلبەت دەبێ بزانین کە تا سەدەی شەشەمی زایینی (کاتی ئاشکرابوونی ئیسلامو بیعسەتی حەزرەتی محەممەد (ص)و تەنانەت دوای ئەو کاتەش سیستمی بەرەوپێشچووو جێگیربووی دەرەبەگایەتی نەیتوانیبوو نیزامی کۆیلەداری لە ناوچەکانیتر بفەوتێنێو خۆی جێگای بگرێتەوە، بەلکوو کۆیلەتی نیوماڵو زۆر دابی سەرەتاییو خێلایەتیو باوکسالاری، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکتر لە جاران لەتەنیشت نیزامی ئەربابو رەعیەتیدا درێژەی هەبوو[6]، بەلام ئەو رەوشە هیچکات

---

[4] وشەی جوێتر juotet کوردییە.

[5] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئالوگۆڕی کۆیلەو رەعیەتو چلۆنایەتی ئەو کارە لە کتێبی "تکامل فئودالیسم" نووسینی، "فرهاد نعمانی" بڕوانە کە سەرچاوەیەکی باشە.

[6] ئازەربایجان لە گەشتی مێژوویی ئێراندا. بەرگی دووهەم، ل. 632

وەك فئۆدالیسمی ئورووپایی نەبووەو هیچكات رەعیەتەكان یا كۆیلـەكان لـەو خاكـەدا وەك جووتیارانی بەستراوە بە زەوی رووسیاو ئورووپا بە زەوییەوە نەبەسترابوونەوەو هەروەك (رەئیس نیا) ئاماژەی پێكردوە، لێرە رەعیەتەكان وەك ولآتـانی دراوسـێ بـە فێڵو تەلەكە وەك قەرزارێكی هەمیشەیی ئاغا، بە زەویو ئاغاوە نەدەبەسترانەوە.[7]

## چینەكانی كۆمەڵگا

[7] هەمان سەرچاوە

کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان لە دوو چین پێك دەهات:

1ـ بەهرەگیر کە بریتیبوون لە مالیکەکانو خاوەن زەویەکانو گەورەکان،

2ـ چینی قازانجبەخش کە کرێکارو رەعیەتەکانی دەگرتەوەو بەرهەمی رەنجو کوێرەوەرییەکانیان لەلایەن چینی یەکەمەوە دەستی بەسەردا دەگیرا. دیارە ئەو دوو چینە بنەڕەتییە زۆر لقو پۆپیان لێدەبوەوە کە بەشێوەی سوننەتی لێك جیا دەبوونەوە، ئەو دابو رێسایانەی لەوبارەوە بەڕێوە دەچوون زۆریان لەو دابو نەریتانە بوون کە نەوە بەدوای نەوە بەڕێوەیان بردوەو پاشاکانو والییەکانیشو هەروەها خاوەن ملکەکان بەڕێوەبردنیان بە ئەرکێکی نەگۆڕ دەزانی؛ هەروەك ئەردەشیری پاپەکان کە خۆی یەکێك لە لایەنگرە دەمارگرژەکانی ئەو شێوە چینایەتیەو نەگۆڕانی بووە. داوای لە جێنشینەکانی خۆی دەکرد کە بەڕێوەیان ببەن. بۆ نموونە لە "پەندنامەکەی خۆیدا دەنووسێ: ... هەرکەس لە ئێوە کە دوای من دەبێتە فەرمانڕەوا، نەگۆڕینی تاقمێك بۆ تاقمێکیتر دەبێ بەقەدەر پاشایەتیەکەی خی گرنگی بە زاڵبوونی یەکێك لەم تاقمانە بەسەر تاقمێکی دیکە دا بدا، چونکە جێگۆڕکێی پێگەی خەڵك لەسەر لەدەستچوونی پاشایەتییەکەی شوێندادەنێ، جا لە رێگەی کوشتنەوە بێ یا لێخستنیو... چونکە کاتێك کە خەڵك پێگەی خۆیان گۆڕی، هەوڵدەدەن بچنە سەرتر، کەسانێك کە لە دوای شا دەستیان دەڕوا، دەکەونە بیری پاشایەتیو ئەوەش یەکەم بیری لەناوچوونی پاشایەتییە...[8]

لە "نامەی تەنسەر"[9] یشدا کە پێشتر باسی کراوەو لە ئاسەواری سەردەمی ساسانییەکانە، ئاوا نووسراوە: ... دەبێ شای شاکان لەنێو ئەوانەدا کە خاوەن پلەو پایەن، فەرقو جیاوازییەکی بەرچاو پێك بێنێ، لە ولاخی سواری جلوبەرگو ماڵو

[8] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئاڵوگۆڕی کۆیلەو رەعیەتو چلۆنایەتی ئەو کارە بڕوانە کتێبی "تکامل فئودالیسم" نووسینی، "فرهاد نعمانی" کە سەرچاوەیەکی باشە.

[9] ئازەربایجان لە گەشتی مێژوویی ئێراندا. بەرگی دووهەم، ل. 632

باغو ژنو خزمەتکار، دواتر لەناو ئەوانی خوارەوەشدا بە جلوبەرگو خشڵ بە شێوەیەك كە فەرقو جیاوازییان لەگەڵ خەڵكی ئاساییدا هەبێ. بەشێوەیەك كە هیچ كەسێكی ئاسایی لە ژیانی ئەواندا بەشداری نەكا... هەروەها من بوومە هۆی ئەوە كە هیچ نەجیبزادەیەك مافی ئەوەی نەبێ ژنی ئاسایی بێنێ، بۆ ئەوەی تێكەڵاوی پەیدا نەبێ، ئەگەر كەسانێكیش ئەو كارە بكەن، میراتگریم بۆ ئەوان حەرام كردو فەرمانم دەركرد تا خەڵكی ئاسایی ملكی گەورەكان نەكڕنو لەوەدا توند بووم، بۆ ئەوەی هەركەس لە پلەی خۆیدا بمێنێو لە كتێبو دیوانەكاندا بنووسرێن... .

"ابن مقفع" وەرگێڕی نامەی تەنسەر بە زمانی عەرەبی لەم بابەتەوە نەقڵێك دەكاو دەڵێ:... ئەسكەندەر داوای لە ئەرەستوو كرد كە دوای گرتنی ئێران بۆ پاراستن یا نەهێشتنی گەورەكانی ئەو وڵاتە رێنوێنی بكا، لەوەڵامدا گوتی ئەگەر ئەوان بكوژی هەندێك كەسی گەورە كە كۆلكەی زانایین لەناو دەبەیو ئەگەر ئەوانیش نەمێنن مەجبوور دەبی كە كەسانی بێمایە لە جێگەی ئەوان دابنێی، راستیش ئەوەیە كە لە دنیادا هیچ بەڵاو شەڕو فیتنەیەك لەوە ترسناكتر نیە كە پیاوی بێمایە بێمایە لە جێگەی گەورەكاندا

دانیشێ.(□□)گێڕانەوەی ئەو چیرۆكە راستییەكی زۆر ترسناك لە مێژوودا لە وەدیهاتنی ئەو بۆچوونەی ئەرەستوو لە دنیاو ئێران وەبیر دێنێتەوە، ئەو راستییەش بۆ ئێمە دەسەلمێنێ كە بە وتەی "كریستەن سێن" بەڕێوەبەرانی ساسانی بۆ پاراستنی ئەسڵی چینایەتی دڵخوازی خۆیان ملكداریو خوێنیان لە سەروی بەرنامەكانی خۆیان داناوە.(□□) وەزعی ملكداری روونە، بەڵام خوێن بریتی لەوە بوو كە دەبوایە هەموو هەوڵی دەستەی فەرمانڕەواو دامودەزگای حكوومەتی بۆ ئەوەبێ كە پێش بە

---

[10] هەمان سەرچاوە، ل. 46 لە روانگەی ئەرەستۆوە

□□ راستدەركەوتنی ئەو مەسەلە لە بۆچوونی ئەرەستوو لە شوێنی جۆراوجۆری دنیاو لە شۆڕشەكانو ئاڵوگۆڕە قووڵە كۆمەڵایەتییەكانی ئەم سەردەمەشدا بەدی دەكرێ، دەتوانین بڵێین هەڵگرتنی پیاوماقووڵان كە دەكرێ لێرەدا وەك كەسایەتییەكانی خاوەن ئەسڵو كارزانو شارەزاو لێزان هەڵدەسەنگێندرین هەڵگرتنیان لەسەر پسپۆڕیو كاری خۆیان دەبێتە هۆی لەناوچوونو رووخانی كۆمەڵگاو لێك بڵاوبوونی شیرازەی كارەكان بۆ ماوەیەكی درێژ.

تێکەڵبوونی خوێنی نەجیبزادەو خەڵکی رەشۆکی بەهۆی نەهێشتنی ژنو ژنخوازیی لەگەڵ ئەو چینانە بگرن وا لەسەرەوە باسیان کرا، کە ئاکامەکەی دەبوە ئەوە کە لەگەڵ خزمو نزیکانی مەحرەمی خۆیاند هاوسەری بکەن.(□□)

بەهەر حاڵ لە سەردەمی ساسانییەکاندا، هەلومەرجی ژیانی گشتیو ئیداری وڵاتی ئێران گیرۆدەی گەشەکردنێکی سەرسوورهێنەر بوو کە بناغەدانەرەکەشی هەر دامەزرێنەری ئەو زنجیرە واتە "ئەردەشیر" بووە. چینەکانی کۆمەڵگا کە لەسەر بنەمای ئەوێستای نوێ(□□) بە سێ چین دابەش کرابوون "روحانیەکان یا ئاسرەوانAthravan"، "سوپاییەکان یا شەرکەرەکان = رەس ئیشتر Rathaeshter"و وەرزێران یا واستریو خشونیت (Vastryo Fshuynt) دابەش دەکرێن.(□□) لەم سەردەمەدا بوو بە چوار چین کە ئەوی زیاد بوو "دەبیران یا Dihhefim" بوون. ئەو چینە لە ریزی سێهەمدا جێگەی گرتبوو، جووتیارانو سەنعەتکاران چوونە ریزی چوارەم کە بە زمانی پەهلەوی ئاوایان پێ دەکوتن: ئاسرەوان Athravan= روحانیان". "شەرکەران یا ئەرتیشتاران Arteshtaran". "دەبیران Dieberan"و دێهاتیان یا واستریوشان Vastryoshan"و سنعەتکارانو شارنشینان = هوتوخشان Hutukhshan"(□□)

لە پێشدا ئاماژە بەوە کرا کە هەرکام لەو چینانەی کۆمەڵگا چەند لقی جۆراوجۆریان لێدەبۆوە، بۆ وێنە رووحانییەکان بە تاقمەکانی قازییەکان، موغەکان، موئبیدان، هیربزان، دەستووران یا مامۆستایان کە (موغانی ئەندر زبن)یان پێدەگوتن، دابەش کرابوون.(□□) گەورەی تەواوی رووحانییەکانیش بە "موئبزانی

---

□□ ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، نووسینی کریستەن سێن، وەرگێڕداوی، رەشید یاسەمی، ل. 339

ژن لە مافناسی ساسانییەکاندا، لاپەڕەکانی 50 ـ 47

13 مەبەست لە ئەوێستای نوێ، ئەو ئەوێستایە کە بە دەستووری ئەردەشیری پایەکان بەهۆی موغەکانەوە کۆ کراوەتەوەو نووسراوەتەوە.

14 بابەتی بەنوونیت، بەنێوی چینەکانی کۆمەڵگا لە رەوایەتەکانی ئەوێستاییدا، گۆڤاری ئاسیایی، ساڵی 1932، ل. 117 بەدوا.

5 دار مستتر لە نامەی تەنسەریدا ل 214و کتێبی التنبیە، نووسینی مەسعوودی ل 103و کتێبی التاج لە جاحف، چاپی قاهیرە، ل25

□□ ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە نووسینی کریستێن سێن. وەرگێڕداوی رەشید یاسەمی، ل. 117 بەدوا.

موئبز"و سەرۆکی تەواوی دەبیرانیش "دەبیراد مەهیشت (ئیران دەبیربز، گەورە ئەرتیشتاران "ئیسپابزو سەرۆکی چینی چوارەمیش" واستریوشان سالارو ئەستریوشبز یا هتخشبز"ی پێ دەگوترا[17].

بە پێی کەتیبەی "حاجیئاوا"، بەو کەسانەی سەر بەچینی یەکەمی فەرمانڕەوابوون، دەگوترا پاشا، هەربۆیەش بە پادشایان گوتوە "شاهەنشا"، بە واتایەکیتر حاکمەکانی پارێزگاکانو ویلایەتەکانو ئەو شا بچووکانەی کە خاکیان لە قەراغ وڵاتی ئێراندا بووە، خۆیان سەر بە شای ئێران زانیوە. یا باشتر بڵێین، هەروەك لە نامەی تەنسەردا نووسراوە، فەرمانی ئەردەشیریان بەجێ گەیاندبوو: [هر کە بە اطاعت پیش ما آید، تا بر جادە مطاوعت مستقیم باشد، نام شاهی از او نیفکنیم][18]

(هەرکەس بۆ فەرمانبردن بێتە لامانو مەبەستی ئەوە بێ لەژێر دەسەڵاتماندا بێ، ناوی پاشایەتی لێ وەرناگرینەوە.)

ئەمیرەکانی حیرە یا بە وتەی "ئامیا نووس" کوردوئێن = کوردستان و ئاڵبانیو "حەنیونیان " لە ریزی ئەم شا بچووکانەدا بوون[19]، بەڵام کریستێن سێن دەنووسێ: لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی زایینی بەدواوە، فەرماندارانی ئەم پارێزگایانەیان دەگوت "مەرزبان".[20]

لە سەردەمی ساسانییەکاندا حەوت بنەماڵە لە سەرووی هەموو نزیکانیتری بنەماڵەکانیتر دا بوونو بنەماڵەی ساسانی خۆیان لەسەرووی هەموو ئەوانەوە بوون، لە دوای خۆیان بەڕیز بنەماڵەکانی "کارن پەهلەو"، "سۆران پەهلەو"، "ئیسپا هند پەهلەو"، "ئیسپەند یاز"و چێهران پەهلەو" بوون، خانەدانی "کارن پەهلەو " لە

---

[17] خوێندنەوەی ژێرنووسی ژمارە 1ی کتێبی ئێران لە سەردەمی ساسانیاندا لە ل 120، لەم بابەتەوە زۆر بە کەڵکە.
[18] نامەی تەنسوور، نووسینی دارمستەتر، لاپەڕەکانی 210 و 513
[19] ئامیانوس، کتێبی 18 بەندی 6 لزگەی 22
[20] ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، ل 123

www.pertwk.com

خاكی مادو كوردوئێندا، دەسەلآتدار بوون، كە ئەمەش ئەو راستییە نیشاندەدات كە ئەو هەرێمە چەندە بۆ ساسانییەكان پڕبایەخ بووە.

لە كەتیبەی "پەرستگەی زەردەشت" كە نازناوی ئەمیری مەڵبەندەكانی نووسیوە، ئەو فەرمانڕەوایانەی بە تێكەلآوێك لە وشەی شاو شوێنی فەرمانڕەواییەكەیان هێناوە، وەك: ئەرمینانشا،

كوردوئینشا، مادانشا، كرمانشا، سكانشا (سەكستان یا سیستان).[21]

مەسەلەی جێگای سەرنج ئەوەیە كە لە زۆر شوێنەواری كۆندا مادو كوردۆئینیان پێكەوە هێناوە.

ئەم ئەمیرو فەرمانڕەوا ساسانیانە بەوە ناسرابوون كە ملّكو ماڵو سەروەتو سامانی زۆریان هەبووە. پێویست بە گوتنە كە ئەوان تەنیا لەو شوێنانەی خۆیان لێیدەبوون، خاوەن ملّك نەبوون، بەڵكوو زۆر لە ئەوان (شا گچكەكانو سنوورپارێزان)[22] لە ویلایەتەكانی دیكەش خاوەنی ملّكو هەردی زۆر بوون.[23] بەشێوەیەك كە ئەگەر شوێنی كاریان گوێزایەوە جێگەی یەكیتر، لەوێش ملّكوزەوی خۆیان هەبێ، هەرچەند ئەو ملّكو هەردەیان زۆر جار لەبەر ئەوەی دەستیان وێرانەدەگەیشت، بێ كەڵكو بێسوود دەمایەوەو وێران دەبوو. ئەوەی كە لە زۆر كتێبانداو لە شوێنەواری دەورەكانی پێشوودا دەخوێنینەوە، زۆر شوێن كە ئێستا لە ئێراندا ناكێڵدرێو كەڵكی لێوەرناگیرێ یا بووەتە كەویرو شۆرەكات، هەندێك لەو

[21] وشەكانی پایكوولی لە هیرتسفلد، ژمارە 632ی پەرەستگای زەردەشت، دێڕی 23 ـ 22، لە هەنینگ لە بۆڵەنی رۆژئاوایی، بەرگی 9، ل 846 بەدواو ئێران لە سەردەمی ساسانیانییەكان، ل، 123 بەدوا

[22] ـ مەرزبان (سنووروان) نازناوێك بووە كە لە جێگەی شارەوان هاتوەو پێشتر نەگوتراوەو لە كەتیبەكانی سەرەتای ساسانیانییەكانو تەنانەت لە كەتیبەی میشیگا (شوێنی پاڕانەوەی زەردەشت)یش خەبەرێك لەم نازناوە نیەو كریستێن سێن لە لاپەڕەی 157ی كتێبەكەیدا دەنووسێ كە ئەو نازناوە لە سەردەمی بارامی پێنجەم بۆتە باو. ماركوارتیش لە كتێبی ئێرانشاردا لاپەڕە 52 بەدوا باسی ئەم بابەتە دەكا.

[23] ئاغاو رەعیەت لە ئێران. نووسینی ا. ك س لمتون، وەرگێڕانی مەنووچێر ئەمیری

ناوچـانەی وا ڕۆژانێـك سەرسـەوزو ئـاوەدانو پڕبەرهـەم بـوون، هـەر لەبـەر بەعەمـەل نەهێنان وایان بەسەر هاتوە.(□□)

(مەسعوودی) لەم بارەوە دەنووسێ: لە نێوەڕاستی حکوومەتی ساسانییەکان واتە لە سەردەمی پاشایەتی "قوبادی دووهەم"دا، هـەزاران گونـد لـە سەرتاسـەری ئێرانـدا لەبـەر نـەبوونی بەڕێوەبەرایـەتیو پێڕانەگەیشـتنی پێویسـتو سـپاردنی ملّکـەکان بـە تویولی ئەربابەکان بەرەو وێرانی چوون[5]، چـونکە فئۆدالّـەکانو بەرپرسـانی خـاوەن ملّـك بـۆ خۆیـان مـەودای بـەکارهێنانیان نـەبوو، ئەوانـەی کـە هەردەکەشـیان پـێ دەسپێردرا، کەتویولیان پێ دەگوتن یا ئیمکـانی رەنێوهێنانیـان نـەبوو یـا دڵسـۆزیو ویستی پێویستیان بۆ ئەو کارە نەبوو، ئەو وێرانییە شوێنەوارێکی وای دانا کـە چـەند سـەدە دواتـریش بەشـێکی زۆری ئـەو ناوچـانە کـەڵکی لـێوەرنەدەگیراوەو بوونەتـە خاکێکی بێفەڕو ویشكو بەرەهووتو هەروا مانەوە.

کاتێـك کـە ئـەو بێکیفایـەتیو بێموبالاتییـەی بەرپرسـان، لەگـەڵ غەفڵـەتو کەمتەرخـەمیی پادشـاکاندا تێکـەڵ دەبـێ، دەبێتـە (نـووری عـەلا نـوور!) هـەروەك مەسعوودی لە چیرۆکێکدا لە باسی کەمتەرخەمی دەوری پاشایەتی قوبادی دووهەمـدا دەڵێ: قوبادی دووهەم کە لە سەرەتای پاشایەتیی خۆیدا کاتی بە خۆشیو رابـواردن، ڕاوو جەفـەنگ تێپـەڕ دەکـرد، بـیری لـە کـاری ملّـكو وڵات نـەدەکردەوەو گـوێی لـە کاروباری رەعیـەتان نـەدەدا، لـە ئاکامـدا وڵات بـەرەو وێرانـی چـوو، ئاوەدانکردنـەوە کەوتـە کـەمی، زەخـیرەی خەزێنـە کـەم بـۆوە، سـەربازە بـەهێزەکان لاواز بـوونو لاوازەکان مردن. لـە حاڵێکدا کـە دۆخەکـە ئـاوا پەرێشـان بـوو، ڕۆژێـك قوبـاد لەگـەڵ موئبیدێك کە دەیگوت زمانی حـەیوانات دەزانـێ، بـە گونـدێکی وێرانـدا تێپـەڕ بـوونو گوێیان لە دەنگی دوو کوند بوو، شا لێی پرسی ئەوانـە دەڵـێن چـی؟ موئبیـد وەڵامـی داوە، کوندی مێ دەڵێ بەو مەرجە تەسلیمت دەبم کە وێرانەی بیست دێی گەورەم پێ ببەخشی کە لە زەمانی ئەو شا خوشبەختەدا وێـران بووبـێ، نێرەکـەش وەڵامـی داوە

---

[24] مروج الذهب. بەرگی 1، نووسینی مەسعوودی، لاپەڕەکانی 48 هەتا 246

ئەگەر تەمەنی ئەو شایە درێژ بێ، لەو ملکانەی کە وێران دەبن، هەزار گوندت دەدەمێ.[25]

لەمەڕ رادەی سامانو ملکی فەرمانڕەواکانی ناوچەکانو گەورە خاوەن ملکەکان زۆریان چیرۆکی سەیرو سەمەرەیان گێڕاوەتەوە، جاری واهەبووە کە گەورەترین خاوەن ملکەکانیش لە پێی سەرسام بوون. یەك لەو چیرۆکانە ئەوەیە کە "خواجە نظام‌الملك" لە کتێبی سیاسەتنامەو لە بەشی "سیرالملوك = رەوشی پادشایان"دا دەگێڕێتەوەو دەنووسێ: ئەنەوشیروان پرسی "فلانەکەس کە ئەمیری ئازەربایجانە چەندی زێڕو نەغدینە هەیە؟ وەلامیان داوە دووجار هەزار هەزاری دیناری هەیە کە کاری پێناکاو خەواندوویەتی. دیسان پرسی چی دیکەی هەیە؟ گوتیان بایی پێنج سەد هەزاری زێڕو زێو هەیە. پرسیی لە جەواهیرات چی هەیە؟ گوتیان، بایی شەش سەد هەزار دیناری هەیە. پرسی ئەی فەرشو شتی جوان؟ گوتیان بایە سێ هەزار دینار. گوتی ئەدی ملكو ملکی ئیجارەیی‌و ئاوو زەوی؟ گوتیان لە خوراسانو عێراقو فارسو ئازەربایجاندا ناوچەو شارێك نیە کە حەوت هەشت دێ، ملكو خانوو و کاروانسەراو حەمامو ئاشی ئەوی لێنەبێ. گوتی ئەدی ئێسترو ئەسپ؟ وەلامیان داوە سێ هەزار سەری هەیە. ئەدی مەڕ؟ دووسەد هەزار سەر. چەند وشتری هەیە؟ بیست هەزار. پرسی چەند بەندەی مزدووری هەیە؟ وتیان هەزارو حەوسەد غولامی هەیە کە تورکو رۆمیو حەبەشینو چوارسەد کەنیزی زۆر جوانیشی هەیە.[26]

لەو رۆژگارە سەختو ساڵە پڕ مەینەتەدا، کوردستان دەستەو یەخەی مەینەتی زۆر بوو، چونکە ئەو ناوچە شاخاوییە لەبەر ئەوە رێگای هەرچەشنە پەرەسەندنێکی کشتوکاڵی تەنیوە، کەمترین زەبر، بارودۆخەکە خراپتر دەکاو لە دنیایەکی ئاوادا کە باسمان کرد، چینی چوارەمی کۆمەڵگای کوردستان زیاتر لە جاران لە هەژاریو بێئومێدیو کوێرەوەریدا گیریان کردبوو، ئەو چینە هەر دەهاتو زیاتر دەبوو. لە

[25] - سیرالمولك، ل 44، لە خواجە نظام الملك کە لە مروج الذهب سعودی را نەقڵ دەکا.

[26] - سیاسەتنامە (سیرالملوك)، خواجە نظام‌الملك بە هەوڵو کوششی هیوبیرت دارك. لاپەڕەکانی 46 تا 55

سەردەمی دەسەڵاتداریی ساسانییەکاندا، هەرچەند فیۆدالیتە، بەهۆی بوونی سیستمی ژیانی عەشیرەیی کوردان ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی نەهاتە پێش، بەڵام ئەو بەرزو نزمییە لەئاکامی شەڕو کێشەی ئەو سێ چینە بەتایبەتی لەبەینی چینی یەكو دوودا روویدەدا ـ رووحانییەکانیش لە ریزی خاوەن زەویە دەوڵەمەندەکاندا بوون ـ جگە لە خۆیان خەڵکی تریشی دەگرتەوە، تەنانەت هێندێك جار پێکەوەش رێك دەکەوتن تا بەهرەی زیاتر بەرن‌و لە دواییدا هۆی چەوساندنەوەی چینی بەدبەختی کۆمەڵگایان ئامادە دەکرد. ئەو کارانە کوردستانیان لەگەڵ چارەڕەشیی گەورە بەرەورِوو دەکرد، لەو چەشنە ئاڵوگۆڕە سلبیانەدا بوو کە ئەو بەشە لە کوردستان کە لەناوچەی ژێردەسەڵاتی رۆمدا بوو، زیاتر شانازییان بەو نیعمەتە دەکرد کە لێی بەهرەمەند بوو. پێشێلکرانی ماف لەلایەن زۆردارانەوەو زوڵمی حاکمەکان‌و داگیرکردنی ماڵی ئەو کەسانەی کە لاواز بوون لەلایەن خاوەن دەسەڵاتەکانەوە کاری هەموو کاتیان بوو، هەروەك ئەورۆش شتیوا هەیە[27] ئەوەش بۆخۆی سەرباری هەموو بەدبەختییەك بوو. لەو نێوەدا باروودۆخ‌و کردەوەی موغان کە "مەگوان Magvan" یا "مەگۆکان Magvgan"یشیان پێ دەگوتن[28] جێگای سەرنج بوو. چونکە ئەو چینە کە خۆیان بە ئەرکداری خواو بەرێوەبەری فەرمانەکانی زەردەشت دەزانی، لە داگیرکردنی زەوی‌و ترساندنی رەعیەتەکان، بە پێی نەریت دەستێوەردانی زۆرەملێ لە ژیانی خەڵکدا خۆیان نەدەپاراست، لە رووەوە خەڵك هیچ شتێکی بەیاسایی نەدەزانی تا

[27] – چیرۆکی ئەنەوشیروان‌و پیرێژن کە هەر لەو حاکمەی ئازەربایجان شکایەتی کردبوو، یەکێك لەو نموونانەیەو نووسەری ئەم کتێبەی بیری پیرێژنێکی ئەوتۆ خستەوە کە لە مازەندەران لەلایەن بەکرێگیراوانی رەزا شا غەدری لێ کرابوو. پیرێژن کە ماڵەکەی لە گەرەکێك بوو کە رەزا شا دەستی بەسەردا گرتبوو، شکایەت دەکاو وەك دەڵێن پەروەندەکەی لە بەشێکی دادگادا دەبێ بۆ پێڕاگەیشتن بووە کە سەید ئەحمەد کەسرەوی بەرپرسایەتیەکەی لەسەر شان بووە، کەسرەوی رەزا شاو بەکرێگیراوەکانی مەحکووم دەکا، کاتێك هەواڵەکەی بە وەزیری داد دەگا، بۆ ئەوەی پاببووسی خۆی بە رەزا شا نیشان دابێ، ئەوی لەسەر کارەکەی لا دەباو هەڵی دەپەسێرێ. دەڵێن کاتێك بەیانی خزمەتکارەکەی کە حوکمەکەی پێ ڕادەگەیەنێ‌و پێی دەڵێ: گەورەم جەنابت چاوەڕێی خزمەت بووی. گوتی: خزمەت دەبێ چاوەڕوانی من بێ، نە من چاوەڕوانی خزمەت...

[28] – هیرتیسفلد لە نووسراوەی پایکولی، لاپەڕەکانی 79 تا 82

لەلایەن موغێکەوە وەبالّی بۆ نەکێشرابا.[29 و 5] ئـەوان لـە جیـاتی پارێزگـاری لـە مـاف خەڵك بۆ دەست بەسەرداگرتنی ماڵو ملکی خەڵك لەگەڵ رووحانییەکانـدا کێبـەرکێیان دەکرد. هەروەك "هۆکاری تواناییو دەسـەڵاتی رووحانییـەکانیش، تـەنیا بـوونی مـاف دادوەری نەبوو کە لەلایەن حکوومەتو ئایینەوە پێیان سپێردرابوو، بەڵکوو هۆیەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن بـوونی ملّـكو ئـاوو خـاكو سـامانێکی زۆر کـە لـە رێگـەی سـزا دینییەکانو دەیـەكو خێـرات پێیـان دەگەیشـت...دەتـوانین بلّـێین دەوڵـەتیان لـەنێو دەوڵەتـدا پێکهێنـابوو... ."[6]کوردسـتانیش لـە سـەردەمی ساسـانییەکاندا تووشـی بەدبەختی ببوو، چونکە خاکی مادی بچووكو کوردۆێن تا دەوری دەریاچـەی "وان"و ماردین، ـ کـە تاڕادەیـەك ئازەربایجـان بەتایبـەت ئازەربایجـانی رۆژئـاواو کوردسـتانی تورکیـەی ئـەورۆ دەگرێتــەوە ــ ناوچــەی ژێرکاریگــەریی ئاورگــەی ئازەرگەشسـبو موغەکانی بووە، بەشـێوەیەك کـە بـە وڵاتـی موغـان نێـو دەبـراو[7] هەربـەو هۆیـەوە خەڵکی ئەو شوێنە لەنێو بەرداشی دەسەڵاتی چینی حاکم واتە لـە بـەینی گـەورەکانو موغاندا بەشی هەرە زۆری زەختیان لەچاو رەعیەتەکانی مەڵبەندەکانی دیکـەی ئێـران لەسـەر بـوو. کاریگـەریی فـەرمانڕەوایی موغـەکان بەسـەر هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی خەڵکی ئەو هەرێمە دا دیار بوو، رێوڕەسمێك کە تـا ئێسـتاش کـوردان لـە رێـوڕەسمی نەورۆزیدا بەنێوی میری نەورۆزی لە زۆر شوێن بەڕێوەی دەبەن، یا ئەو بەرنامەیـەی وا بەناوی تێهەڵدان نیشانی دەدەن، هەر هی ئەو کاتەیە کە ماوەتەوە، ئەویش تەمبێیەك بووە بۆ ئەو کەسانەی کە ئاویان پیس دەکردو بە ئاوی گەرم حـەمامیان دەکـرد "رب دین = عالم دینی" بەشێوەی زەردەشـتیان سـزایان دەدا، ئـەو کەسـانەی کـە تـەمبێ دەکران، زیاتریـان دەوڵەمەنـد بـوون تـا بتـوانن لـە جیـاتی تێهەڵـدان سـزایان بـدەنو پارەیـان لــێ وەرگـرن. دوای سـزاکەش "مـیری نـەورۆزی"رایدەگەیانـد منـیش لـەو

---

29 - ئێران لە سەردەمی ساسانیانییەکاندا، ل، 137

5- ئاکاتیاس، کتێبی دووهەم، برگەی 26 کە لە کتێبی ئێران لە سەردەمی ساسانیانییەکاندا وەریگرتووە.

6- ئێران لە سەردەمی ساسانیانییەکاندا. ل، 138

7- ئێران لە سەردەمی ساسانیاندا. ل 138

سزادانەدا بەشم هەیە کە بەشێوەی ئاسایی لێیان دەدان. هەر بۆیەش بەو ڕێوڕەسمەیان گوتوە "تێهەڵدان".[31]

"زروانی هیربز" کە یەکێك لە زانا گەورەکانی دینیو خەڵکی "بیت ئاژبادە" لە شارەکانی کوردۆئین لە باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی "وان"بووەو لە خزمەتی ئاورگەی ئازەرگەشسبدا بووە، لە ڕیزی ئەو موغە دەگمەنانە بووە کە نازناوی "هەمەگ دین"ی هەبوە، واتە کەسێك بوە کە هەموو یاساو ڕەوشتی دینی دەزانیو فتوای زۆر گرنگی دەدا. تەنسەر کە بۆخۆی لە هیربزانی گەورە بووەو یاسای چینایەتی ساسانیەکانی نووسیوەو لە پێکهاتەی دینی ڕەسمی زەردەشتی، یارمەتی ئەردەشیری بابەکانی داوە، لە یارانی نزیکی "زروان" دەژمێردرا.[32]

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە سەرەدەمی ساسانییەکاندا، چینەکان هەرکام دەبوونە چەند بەشو یەکێك لە لقەکان کە بەشێوەی ئاسایی دوای نەجیبزادەکان لە سەرەوەی هەموویان بوو، ناویان "ئازادان" بوو کە دەکرێ بڵێن نەجیبە پلە دووەکان بوون. ئەوانە ئەو جووتیارانە بوون کە لە سەرانسەری وڵات هەبوون. لە ڕێگەی ئەوانەی کە وردە مالکیش بوون، باجیان کۆ دەکردەوەو باجیان لەو چینەی کە دەبوو ماڵیات بدەن، وەردەگرتو ئەوەش دەبوو بەهۆی پێوەندیی نێوان ئەوانو چینی هەڵبژێردراوی سەرەوە، ئەوانە دوای سەردەمی ساسانییەکانیش کارگێری گرینگی چینی حاکم بوونو ئامرازی جێگیربوونی کاریگەری ئەوان بەسەر کۆمەڵانی

---

[31] – ڕێوڕەسمی میری نەورۆزی (میر میرێن) تا ئەو دوایانە لە تەواوی شوێنە کوردنشینەکانو بەتایبەتی لە کوردستانی ئێرانو ناوچەی موکریان، هەموو ساڵی لە تەواوی ڕۆژەکانی نەورۆز کە 7 تا 10 ڕۆژ دەکێشێ بەڕێوە دەچوو، لەم ڕێوڕەسمەدا کەسێك کە دەیتوانی لە بەرامبەر ئیشکەرن، یارییەکانو کاری سەیرو جێ پێکەنین خۆڕاگرێو پێنەکەنێ (ئەگەر پێبکەنێ لە میری دەکەوێو تەمبێ دەکرێ) بە نێوی میر هەڵدەبژێردرا، کە چەند ڕۆژ حاکمی ناوچەکە بووو تەنانەت قائێمقامو حوکمدارانی خۆ وڵاتیش لە بەرامبەر ئەودا ئیختیاریان نەبوو. ئەو میرە کە بۆ خۆشی لە خەڵك تۆڵەی دەستاندەوەو لە کاربەدەستانی دژی گەلیو بە ڕەنگی سیاسییەوە کاری سەیری دەکرد، لە هەموو ئەو ماوەدا کە ئیشکەرنەکان بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵیان دەدا میر وەپێکەنین خەن، بەڵکوو خۆشی لە لێدان بێنسیب نەبێ. یەکێك لە بەرنامەکانی میر هەر ئەو "تێهەڵدانە بوو. بۆ زانیاری زیاتر لەو ڕێوڕەسمە کتێبی جۆراوجۆر هەیە. وەك کتێبی "میری نەورۆزی" نووسینی مامۆستا عبیداللە ایوبیان بخوێننەوە، هەروەك لە ئاخری ئەو کتێبەشدا لەسەر ئەو بابەتە دەدوێن.

[32] – مێژووی تەبەری ل 869 بەدواو نلدکە ل 110، مروج الذهب بەرگی 2، ل 156، نامەی تەنسەر، کابەی زەردەشتو مەفاتیح‌العلوم، چاپی خان فلوتن، ل 116 بەدوا، گۆڤاری کاما، لاپەڕەکانی 4 تا 13

خەڵکی کۆمەڵگادا بوون. ئەو خەڵکە رەشۆکییە کە زیاتر لە جووتیارانو کرێکارانی مووچەو مەزرا پێك دەهات، لە سەردەمی ساسانییەکاندا گەیشتنە ئەوپەڕی بەدبەختیی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەك کە "رۆمەن گریشمەن" بە حەق ئەوانەی بە "کۆیلەکانی بەستراوە بە زەوی" نێو دەبردو دەڵێ: لە تەواوی ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی وەك پەروەردەو فێرکردن بێبەش بوونو جگە لە هێندێك وەرزێر کە بۆ دەزگاکانی دەوڵەتی وەك پەرستگەکانو ئاورگەکان کاریان دەکرد، ئەوانیتر هیچ چەشنە سەربەستییەکیان نەبوو.[33]

تەواوی قورسایی کۆمەڵگا لەسەر شانی چینی گوندیو وەرزێر بوو. بۆ نموونە بۆ بەشداریی لە سۆپاشدا لە راستی لە ریزی یەکەمی ناوزەدی بێرەقیبی مەرگو قوربانیدان لە بەرانبەر هێرشی دوژمناندا بوون، دەستە دەستە لەو گوندیانە بە پێ بە دوای لەشکرەوە دەڕۆیشتن. وا وێدەچوو کە تا هەتا هەتایە مەحکووم بە عەبەدایەتین. بێ ئەوەی کە هیچ پاداشێکیان بدەنێ،[34] جگە لەوەی دەبوونە قوربانی، مووچەو مەزراوماڵەکانیشیان لەژێر پێی ئێسترەکانی دوژمنو لەشکری خۆماڵی لە ناو دەچوونو "...زۆرداری زۆرداران هیچ کات وازی لە کوتانو چەوساندنەوەی گوندیەکان نەدەهێنا.[35]

---

[33] - ئێران لە سەرەتاوە تا سەرهەڵدانی ئیسلام لە روومین گریشمەن، وەرگێڕانی محەممەد معین لە ل، 411 بەدوا.

[34] - ئەمین مارسلێن، مێژوونووسی دێرینی رۆم وەرگیراو لە کتێبی ئازەربایجان لە گەشتی مێژوودا. ل 441

[35] - ئاغاو رەعیەت لە ئێراندا، نووسینی "ا.ك.س، لمبتون". وەرگێڕانی منوچێهر ئەمیری، ل 224

2- میراتی دێرینی ئێران، نووسینی: ریچارد. ن. فرای"، وەرگێڕانی مەسعوود رەجەب نیا، ل، 365 بەدوا

3- مێژووی بەلعەمی، نووسینی ابوعلی محمد بلعمی، وەرگێڕانو پەراوێزنووسی مێژووی تەبەری. بەڕاستکردنەوەی محمد تقی بەهار (ملكالشعرا)